# News Release

## سەری ساڵی نوێی فارسی لەگەڵ ڤان (Vaughan) ئاهەنگ بگێڕن!

ئاهەنگی ساڵانەی نەورۆزمان لە 25ی ئازار لە هۆڵی شارەوانی ڤان بەڕێوە دەچێت

**ڤان، ئۆنتاریۆ (4ی ئازاری 2025)** – وەرن پێکەوە ئاهەنگی سەرەتای بەهار بگێڕین! ئێوە بانگهێشت دەکرێن تاکو لە دووەم ئاهەنگی ساڵانەی نەورۆزی سەرۆکی شارەوانی، ستیڤن دێل دوکا و ئەندامانی ئەنجومەنی شاری ڤان (Steven Del Duca) لە سێشەممە، 25ی ئازار، لە کاتژمێر 6:30ی پاشنیوەڕۆوە تا کاتژمێر 8:30ی پاشنیوەڕۆ لە هۆڵی شارەوانی ڤان بە ناونیشانی ( 2141 Major Mackenzie Dr.) بەشداری بکەن.

ئەم چالاکییە بریتی دەبێت لە وتاری بەخێرهاتن لەلایەن سەرۆکی شارەوانی دێل دوکا، نمایشی هەڵپەڕکێی نەریتی، مۆسیقا و خواردنەوە بێبەرامبەرەکان پێشکەش دەکرێت.

نەورۆز کە بە سەری ساڵی نوێی فارسیش دەناسرێت، هاتنی بەهار نیشان دەدات و کۆمەڵگەکانی جیهان یەکدەخات. ئەم بۆنەیە ڕێز لە میراتی دەوڵەمەندی کولتووری ئەو پێکهاتە زۆرانە دەگرێت کە ئاهەنگی نەورۆز دەگێڕن، لەوانە ئێرانی، ئەفغانی، ئازەربایجانی، تاجیک، کورد و گەلانی دیکەی ئاسیای ناوەڕاست، هەروەها ئەندامانی ئایینەکانی زەردەشتی، بەهایی و ئیسماعیلی. هەروەها ئەم بۆنەیە بەشدارییە بەنرخەکانی ئەم کۆمەڵگایانە لە ڤان و دەرەوەی بەرز ڕادەگرێت.

پێشنیار دەکرێت پێشوەختە ناو تۆمار بکە. تکایە ئامادەبوونت بۆ بەشداری لەم بۆنە بێبەرامبەرەدا بە شێوەی ئۆنلاین پشتڕاست بکەرەوە.

بۆ زانیاری زیاتر دەربارەی چالاکیی نەورۆزی شارەکە، سەردانی vaughan.ca/**culture** بکە.

**وەرگرتە**

"نەورۆز هاتنی بەهار نیشان دەدات و دەرفەتێکمان بۆ دەڕەخسێنێت کە وێڕای بیر لە ساڵی ڕابردوو، لە هەمان کاتدا بۆ داهاتوو پلان دابڕێژین. بانگهێشتی هەمووان دەکەم کە لە ڕۆژی سێشەممە 25ی ئازار کاتژمێر 6:30ی پاشنیوەڕۆ، لە دووەم چالاکیی ساڵانەی نەورۆزمان لە هۆڵی شارەوانی ڤان لەگەڵمان بن. ئەو ئێوارەیە بە پێشکەشکردنی مۆسیقا و هەڵپەڕکێی نەریتی، و خواردنەوە بێبەرامبەرەکان شەوێکی خۆش دەبێت. خێزان و هاوڕێکانتان بۆ ئاهەنگ گێڕان بەبۆنەی هاتنی بەهار لەگەڵ خۆتان بێنن. بۆ هەموو لایەک، نەورۆزێکی خۆش ئاواتەخوازم!"

– سەرۆکی شارەوانی ستیڤن دێل دوکا

**ڕاستییە خێراکان**

- ئەمە دووەمین چالاکیی ساڵانەی نەورۆزی شارەکە دەبێت.
- نەورۆز جەژنی سەری ساڵی فارسییە.

**زانیاری زیاتر**

- vaughan.ca/**culture**

-30-

# News Release

**دەربارەی ڤان:** شاری ڤان یەکێک لەو شارانەیە کە خێراترین گەشەی لە کەنەدا هەیە و ژمارەی دانیشتووانی زیاتر لە 344,412 کەسە. ڤان لە ساڵی 1991 دامەزراوە و کۆمەڵگاکانی کۆنکۆرد (Concord)، کلاینبێرگ (Klienburg)، مەیپڵ (Maple)، تۆرنهیل (Thornhill) و وودبریج (Woodbridge) لەخۆدەگرێت. ئەم شارەوانییە کە لە ڕووی کولتوورییەوە هەمەچەشنەیە و دەکەوێتە دڵی هەرێمی یۆرک (York) و ناوچەی تۆرۆنتۆی گەورە.

**پەیوەندی میدیا:** شاری ڤان (Vaughan)
بەڕێوبەرایەتی پەیوەندی، بەبازاڕکردن و بەشداریکردن
905-832-2281 | corpcomm@vaughan.ca